

# شیعری نالی لە بیست و یەک بژاردەبێژیدا

عەبدولخالق یەعقووبی
(زانکۆی جیهان)

١- شیعر بەر لەوەی بە گوتراوەکانی بماندوێنێ، بە نەگوتراوەکانی دەمانورووژێنێ.

**لە خەوفی تەلعەتی ڕۆژ هەروەکو شێت**
**بە ڕووزەردی هەڵات و کەوتە کێوان**

٢- شیعر بە ڕوخساری واژەکانیدا ناناسرێتەوە، بەڵکو بە هەڵسوکەوتی وشەکانیدا پێناسە دەکرێ.

**هەرچەندە گوناهی دەمەکەت بارە لەسەر لێو**
**حەددی چییە نالی کە بڵێ ماچە کەفارەت**

٣- شیعر هاوارێک نییە بۆ مانەوە، ئەوکاتەی سەرقاڵی ژیانین؛ شیعر سترانێکە بۆ ژیانەوە لەو کاتەیدا دەستەویەخەی مەرگین.

**زارم وەکو هیلال و نەحیفم وەکو خیلال**
**ئایا دەکەومە زار و بەدڵدا دەکەم خوتوور**

٤- شیعر خەمی ئەوە ناخوات ئێمە تێی نەگەین، پەرۆشی ئەوەیە خراپ تێی بگەین.

**کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە**
**هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا**

٥- شیعر وەبیرمان دەهێنێتەوە کە پێویستە چیمان وەبیربێتەوە.

**بنوارە بوونی ئەوەڵت و چوونی ئاخرت**
**هاتی چ ڕووت و قووت و هەڵاتی چ لووس و پووس!**

٦- شیعری مەند و هێور و سادە مەرج نییە جیهان نەگۆڕێ و گرژ و ئاڵۆزی نەکات.

**ئەی شۆخی بێ نیاز و گران ناز و غەمزە سووک**
**تیری موژەت نیشانەیی دڵ کون دەکا بە نووک**

٧- زمان سووراووسپیاو نییە بە ڕوخساری شیعرەوە، زمان پێست و خوێنی شیعرە.

**دەستم کە بەسەد وەعدە لە سەد جێگە شکاوە**
**جەبری نییە ئەم کەسرە هەتا نەیخەیە ئەستۆ**

٨- ئەو شیعرەی زمان دەکات بە گۆپاڵی دەستی خۆی، خۆشی دواجار دەبێتە گوپاڵی دەستی زمان.

**تەڵەبی سینەیی چاکم مەکە بەو چاوانە**
**سینەکەم چاکە بە ئینسانی خەرابی نادەم**

٩- مانای قووڵی شیعر لەو شتەدا نییە کە پێمانی دەڵێ، لەو شتەدایە کە دەیەوێ پێمانی بڵێ.

**ڕەفیقان! من ئەوا ڕۆییم لەلاتان**
**لە مەزڵوومان بلا! چۆڵبێ ولاتان**

١٠- ئەو شیعرەی لە جوانی بێ بەری بێت، لە هەقیقەتیش بێ بەرییە.

**توڕڕەت وەکو تۆماری شکستە و سەری کوڵمت**
**بۆ نووری سەوادم بووەتە شەمعی موتاڵا**

١١- ژیانی شیعر لەو ساتەوە دەست پێدەکات کە یەکەم تیشکی هەقیقەت دەخاتە سەر ڕوخساری جیهان.

**تۆ کە حۆریت وەرە نێو جەننەتی دیدە چ دەکەی**
**لەم دڵەی پڕ شەرەر و سینەیی سۆزاندا**

١٢- ئەو شیعرەی خەون بە ڕزگاری مرۆڤەوە دەبینێ، ناتوانێ گوێی لە دەنگی مرۆڤی کۆیلە نەبێت.

**نەوعە ئینسانێ هەیە غەم قووتییە**
**من غەمی خۆم و غەمی عالەم دەخۆم**

١٣- شیعر باسی ڕۆشنایی ڕەها و ڕووت ناکات، لە وردە ڕۆشناییەکانی نێو تاریکایی دەدوێ.

**لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە**
**دڵ ڕەنگە بێ بە ئاو و بە چاوا بکا عوبوور**

١٤- شاعیر ئەو وەستاکارە دەست ڕەنگینەیە، وردە شووشەکانی زمان کۆ دەکاتەوە و دەیانکات بە بلووری شیعر.

**کانی دەزێن بە ئاو و درەخت ئاوسن بە با**
**شایی بەهارە، بولبولە داماد و غونچە بووک**

١٥- وشە لە شیعردا خودایە لە جیهاندا. خودا هەمیشە هەیە هیچ کاتیش دیار نییە. خودا هەموو فۆرمێکە و هیچ فۆرمێکیش نییە. بە کورتی وشە و خودا هەن، بەڵام نین، بوونیان لە نەبوون دایە.

**گوتم: ئایا بەزاری خۆت دەپرسی حاڵی زاری من؟**
**بڕۆی هێنایە یەک، وەک شکڵی لا یەعنی کە بێزارم**

١٦- شیعر لە لایەکەوە دۆستایەتی نێوان مرۆڤ و ژیان پتەوتر دەکات، لەلایەکی تریشەوە پەیمانی نێوان مرۆڤ و جوانی تازە دەکاتەوە.

**نالی وەکو لالە کە شەهیدی غەم و داغە**
**لەم باغە بفەرموو کە ئەویش لێرە دەنێژم**

١٧- شیعری نەزۆک ئەو شیعرەیە نەک هەر لە خوڵقاندنی جوانی، بەڵکو تەنانەت لە دۆزینەوەی جوانیش ناهومێدمان دەکات.

**سەرخۆشی شەرابی دەمی تۆ بووم و ئەمێستاش**
**قوربان سەری تۆ خۆش کە نەماوە سەری خۆشم**

١٨- ڕاڤە هەڵگربوونی شیعر لە چێژ بەخشییەکەی دایە، چێژ بەخشیی شیعریش لە ڕاڤە هەڵگربوونییەوە سەرچاوە دەگرێ.

**وەرە تا عالەمی قەلبت نیشان دەم:**
**کەوا فەقری غینایە مردنی ژین**

١٩- ئەو شیعرەی هەستی پەژیوانی لە ژیانمان پێ دەبەخشێ لە ڕاستیدا هەستی ئومێدەواری بە ژیانیشی پێ داوین.

**عومرت نەفەسێکی کە هەموو عالەمی دێنا**
**بڕە لە غەمیدا کە هەموو سەرفی غەمت بوو**

٢٠- شیعر لەو شوێنەدا لەگەڵ ئەوین یەک دەگرێتەوە کە مرۆڤ لە جوانی ژیان و ژیانی جوان ئاگادار دەکاتەوە.

**هێند مونتەزیری تۆ بوو هەتا چاوی سپی بوو**
**نەرگس کە لە سەر یەک قەدەم دیدە چەقیبوو**

٢١- ڕۆژی شیعر ئەوکاتەیە کە خۆری خەیاڵ هەڵبێت، شەوی شیعریش ئەوکاتەیە کە مانگی خەیاڵ دەردەکەوێ.

**بە نەشئەی سستی و مەستی وەها مەستوور و مەخموورە**
**نزانم خەو لە چاوت دایە یان چاوت لە خەو دایە**